# سۆز و ناڵە

پێدەشت.. قەد پاڵ
هەر کونجێکی وڵاتەکەم
وڵاتی خەم و کارەسات

پێدەشت.. قەد پاڵ
هەر کونجێکی وڵاتەکەم
- وڵاتی خەم و کارەسات -
کش و ماتە ..
هاواردەکەم؛
ووڵات تێکڕایی
بەهاڵاوی هەناسەیەکی خوێیناوی
کەڕەم دەکات ..
دوا هەناسەش کە دێتە گوێم
گاغەگاغ و بزەی منداڵی ساوایە،
دایکی جگەرسووتاویشمان
بە ناڵەناڵ و ڕووبارێک ئەسرینەوە
بەرەو لام دێ و
چرای ووڵات خامۆش دەکا
ئا لەو کاتە
ئاژانسەکان بە دەنگێکی زوڵاڵەوە
هاوار دەکەن
کیمیا بارانە
کیمیا بارانە
کیمیا باران....

پایزە ئەحمەد